# ئاسایش‌و گولله‌و زیندان كه‌س ناترسینێت له‌مشاره‌!

ئه‌مڕ خه‌ڵكی ناڕازی كه‌لار وه‌لامیكی گونجاویان دایه‌وه‌ به‌ یه‌كێتی نیشتمانی‌و ڕاینگه‌یاند كه‌ " تانك‌و تۆپ‌و سێداره‌ كه‌س ناترسینێت له‌مشاره‌" ڕایانگه‌یاند كه‌ به‌زیندانیكردنی ئه‌ندامانی كۆمه‌له‌ی به‌مه‌ده‌نیكردنی كه‌لار ئه‌وان، نه‌ك ناچنه‌وه‌ قوژبنی ماله‌كانیان به‌لكو سورترده‌بن له‌سه‌ر خواست‌و داواكانیان. ئێمه‌ دوینیٚ یه‌كێتی نیشتیمانی كوردستانمان ئاگادار كرده‌وه‌ كه‌ سه‌ركوت بێسوده‌و باشتره‌ بیر له‌ ڕیگایه‌كی دیكه‌ بكاته‌وه‌. ڕامانگه‌یاند كه‌ زیندانیكردنی ڕابه‌رانی خه‌ڵكی كه‌لار بێسوده‌و خه‌ڵك ناڕأزییه‌وه‌و توڕه‌ییه‌، ئه‌وه‌تا ئه‌مڕۆ زیاتر له‌ 2 هه‌زار كه‌س رژانه‌ سه‌ر شه‌قامه‌كانی كه‌لارو خۆپیشاندانیان كردو خواستی دابینكردنی كاره‌باو سوته‌مه‌نی‌و ئازادكردنی ئه‌ندامانی كۆمه‌ڵه‌ی به‌مه‌ده‌نیكردنی كه‌لار یان به‌رزكرده‌وه‌، به‌لام سه‌ركوتی یه‌كێتی نیشتمانی ئه‌مڕۆ له‌ كه‌لاردا لاوێكی دیكه‌"ئاریانی" په‌یوه‌ست كرد به‌ ڕیگای گیانبه‌ختكردوانی خه‌لكی كوردستانه‌وه‌ له‌پێناو ئازادی‌و سه‌رفرازی‌و خۆش به‌ختیدا.

ئێمه‌ دوێنی له‌ به‌یاننامه‌یه‌كدا به‌رۆشنی یه‌كێتی نیشتمانیمان ئاكاداركرده‌وه‌ كه‌ ته‌قه‌كردن‌و گولله‌بارنكردنی خۆپیشانده‌ران به‌سه‌و ده‌ست هه‌ڵبگرن لیٚی. دوێنی ئاماژه‌ما به‌وه‌دا " یه‌كێتی نیشتمانی كوردستان ..... باشتر نیه‌ فكرێك له‌ خۆی بكاته‌وه‌و بپرسێت سه‌ركوت تا كه‌ی؟ ئایا خه‌ڵك به‌سه‌ر كورت واز له‌ ناره‌زایه‌تی ده‌هێنێت؟ ئایا ته‌قه‌كردن‌و زیندانیكردن‌و هه‌لكوتینه‌ سه‌رمالان، كه‌ هه‌مویان فه‌رهه‌نگی ناسیونالستی به‌عس بون‌و به‌شیكی زۆری ئه‌م كرده‌وانه‌ بوو كه‌ خه‌ڵك رقیان ئه‌ستور بوو له‌به‌عس، به‌ده‌رد ده‌خوات؟ ئایا زیندانیكردنی ئه‌ندامانی كۆمه‌ڵه‌ی به‌مه‌ده‌نی كردنی كه‌لارو ژورنالیسته‌كان‌و رابه‌ران‌و كادرانی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی ده‌یان كه‌سانی دیكه‌ له‌دكتۆرو كاسبكارو خوێندكارو لاو، ڕیگا چاره‌ن بۆ یه‌كێتی نیشتمانی؟! په‌تی سه‌ركوت زۆر زۆر به‌قه‌ت په‌تی به‌عس درێژ ده‌بێت. بۆیه‌ ڕیگای گونجاو ئه‌وه‌یه‌ كه‌ له‌ مه‌نتقی سه‌ركوته‌وه‌ بگوێزنه‌وه‌ بۆ مه‌نتقی گفتۆكردن له‌گه‌ڵ نێونه‌رانی راسته‌قینه‌ی خه‌لكی كوردستان، گرتنه‌ به‌ری مه‌نتقی وه‌لامدانه‌وه‌ به‌ داواكانی خه‌ڵك له‌ دابینكردنی كاره‌باو ئاوو به‌نزین‌و وازهێنان له‌ سه‌ركوت‌و سه‌لماندنی مافه‌ سیاسی‌و مه‌ده‌نیه‌كانی خه‌لكٚی كوردستان."

خه‌ڵكی كوردستان ڕیٚی ناوه‌ته‌ قۆناغێكی نویٚی خه‌باتی ئازادیخوازانه‌و راسته‌وخۆ به‌رانبه‌ر به‌ گه‌نده‌ڵی‌و سه‌ركوتی ده‌سه‌لاتی بزوتنه‌وه‌ی كوردایه‌تی هاتۆته‌ مه‌یدان له‌پیناو باشتركردنی هه‌لومه‌رجی ژیان‌و گوزه‌راندا. بزوتنه‌وه‌ی ناره‌زایه‌تی خه‌لكی كوردستان پیویستی به‌وه‌هه‌یه‌ یه‌كگرتوو ریكخراو بیت له‌ئاستی سه‌رتاسه‌ری كوردستاندا بۆ ئه‌وه‌ی بتوانیت خواسته‌كانی خه‌ڵكی كوردستان له‌ دابینكردنی كاره‌باو ئاوو ئازدابیه‌ سیاسیه‌كان‌و زیادكردنی لایه‌نی كه‌می موچه‌ تاراده‌ی 375000دینارو... داببن بكات.

**ڕیكخراوی كوردستان**

**حزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق**

2006/8/9